## بۆ ڕۆحی ئەنوەر مەسیفی و ژن و منداڵەکانی

چەند ڕۆژێکە تاساوم. تەواو تاساوم. چەند ڕۆژێکە ڕۆحی ئەنوەری هاوڕێم و ژن و منداڵەکانی، لە زەینمدا باڵ لێکدەدەن. باڵندەن و بەیەکەوە دەجریوێنن. پێیانەوە دیارە پەڕاگەندەن و هێلانەیان لێ تێکدراوە. ساتێکیدیش دەجریوێنن و پاشان بەناو با دا بۆ ناو ئەستێران هەڵدەفڕن. کۆچ دەکەن و ڕۆحیش لەگەڵ خۆیان دەبەن. لەوێ هێلانە دەکەن. لەوێ دەنوون.
چاولێکبنێن و بنوون، خەوتان خۆش.

ئەری خوا! ئەوە چ تاوانێکی گەورەت کرد!؟ شاعیرێکت بەم دەردە برد. خۆ ئەو هەر پرچی وشەی دادەهێناو گوڵاوی بە ڕستەدا دەکرد.
"شەیتان" ی نووسی، چونکە شەڕی لەگەڵ تۆدا دەکرد.
من قەت ناتپەرستم، چونکە شەڕ لەگەڵ شەیتان دەکەی.
ناوێری داوەتی بکەیت. شەرابی سووری بۆ دابنێیت و لەبارەی (خێر و شەڕ ــ بەهەشت و دۆزەغ) بەیەکەوە بپەیڤن و ئەم بەڵایانە لە کۆڵ ئێمە بکەنەوە. چونکە لە ڕاستیی خۆت بە گومانی. گومانێکی ئاوهاش لە "بوون و نەبوونی" تۆ لە زەینی مرۆڤدا هەیە.
دەوجا چیدەکەی بیکە.

رزگار شێخانی
04102005

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com